# شێوازی زمانی شیعریی جەلالی میرزا کریم لە کۆشیعری (ڕێگا دوورەکانی چاومان)

**نیگار عەبدوڵا کەریم**

بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی چەرمو، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

توێژینەوە لە ڕوانگەی زانستی شێوازناسییەوە بۆ دیاریکردنی زمانی شیعریی شاعیرە ، هەوڵێکە بۆ خستنەڕوی پەیوەندیی نێوان زمان و ئەدەب و زمانی شیعریی. زمان خەزێنەیەکی گەورەیە بۆ دەربڕینی ڕستە و وشەی جیاجیا. قسەپێکەران بەپێی شوێن و مەبەستی جیا سود لەوشەکان وەردەگرن، بۆ دەربڕینی ئامانج و مەبەستی قسەکردن. لەم پڕۆسەی ئاخاوتن و قسەکردندا شاعیریش بە هەمان شێوە، بۆ گەیاندنی پەیامەکەی، سودی لە وشە و دەربڕینە جیاوازەکان وەرگرتووە. بەپێی زمانی شیعرەکانی و فەرهەنگ و دەربڕینەکانی جۆری زمانی دەقی شیعرەکانی هەمەجۆرە. لەهەمان کاتدا لادانی واتایی و ڕێزمانیی شیعرەکانی دیارترین سیفەتی زمانی شیعرەکانە. مامەڵەکردنی شاعیر مامەڵەیەکی تایبەتییە. وشەکانی زمان بەرجەستە دەکات و سیمای جیاوازیان پێدەبەخشێت. لە ڕێگەی شێوازی زمانی شیعرییەوە، دەقەکانی بەرەو بەئەدەبی بونێکی تەواو بردووە. بۆ هەڵسەنگاندنی شێوازی زمانی دەقەکانی، یەکە تایبەتییەکانی زمان جیاکراونەتەوە. ئامانج لە توێژینەوەکە خستنەڕووی شێوازی زمانی شاعیر (جەلالی میرزا کەریم) ە . لەبەرئەوەی شاعیرێکی نوێخواز و سەردەستەی شاعیرانی بزووتنەوەی ڕوانگە بووە، هەوڵیداوە لەشێوازی شیعری دا چەندین تایبەتمەندی پەیڕەو بکات . گۆڕانکاری لەزمانی شیعریی دا بکات . گرنگییەکی تایبەتی بەمۆسیقای شیعری ، ئاوازی دەرەوە ، کێش و سەراو ، ئاوازی ناوەوەی شیعر داوە . لەڕێگای دووبارەکردنەوەی دەنگ و وشە لەئاستی ئاسۆیی ، هەروەها ئاستی ڕۆنانی ڕستە لەڕووی پاشوپێشخستن و خستنی کەرەستەکان و لادانی زمانی مۆسیقایەکی تایبەتی بەشیعرەکان بەخشیووە. تۆپۆگرافیای شیعری گۆڕیوە . لە ڕێزمان و ڕستەسازی ئاسایی لایداوە. بۆدروستکردنی کاریگەری هونەری. لەتوێژینەوەکەدا بەپێی میتۆدی شێوازگەری ، پەیڕەوکردنی ڕێبازی پەسنی - شیکاری لێکدانەوە بۆ شێوازی زمانی شیعری شاعیر لەکۆشیعری ڕێگادوورەکانی چاوماندا کراو . ئەنجام و سەرچاوەی توێژینەوەکەمان لەکۆتاییدا خستووەتەڕوو.

**وشە سەرەکییەکان:** شێواز، شیعر، زمان، دوبارەبونەوە، ڕیتم.

## پێشەکی

توێژینەوەکەمان بە ناونیشانی (شێوازی زمانی شیعریی جەلالی میرزا کریم لە کۆشیعری ڕێگا دوورەکانی چاومان)ە، ناونیشانەکە کلیلێکە بۆ ڕونکردنەوەی شێواز و چییەتیی شێواز و ئەو زانستەی لە شێواز دەکۆڵێتەوە، پاشان شێوازی جیاوازی زمانی شیعریی شاعیر بەهۆی نمونەی شیعری خراوەتەڕو، کە کۆمەڵێک بابەتی هەمەچەشنەی لەبارەی زمانەوە تێدایە. شێواز بووە بە پردێکی پەیوەندیی پتەو لەنێوان ئەدەب و زماندا. سیفات و تایبەتمەندی لە بەرهەمی جیاوازی ڕێگادوورەکانی چاوماندا ڕەنگیداوەتەوە. لە دەربڕینی شێوازدا زمان بۆ لێکتێگەشتن و گۆڕینەوەی زانیاری بەکاردەهێنرێت، بەڵام شاعیر لەڕێسای ئاسایی زمان لادەدات.

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٨، ژمارە ١ (٢٠٢٥)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ٣٠ نیسان ٢٠٢٤؛ پەسەندکردن: ١ تەمووز ٢٠٢٤
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٢٠ شوبات ٢٠٢٥ بڵاوکراوەتەوە
ئیمەیڵی توێژەر: nigar.abdullah@chu.edu.iq
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٥ نیگار عەبدوڵا کەریم، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

دەتوانین بڵێین زمانی قسەکردنی ڕۆژانە بەپێی یاسا و ڕێکخستنی ڕێزمانی دەبێت، شیعر ڕێزمانێکی دیاریکراو و ڕێسای تایبەتی نییە، لەهەمانکاتدا سود لە وشەکانی زمان وەردەگرێت و یاساکان تێکدەشکێنێت.

### گرنگیی توێژینەوەکە:

ئەوەی پاڵنەربو بۆ هەڵبژاردنی ناونیشانەکە و ڕوکردنە ئەم بابەتەکە، گرنگیی شێوازی زمانی شیعری لای شاعیر (جەلالی میرزا کریم)ە، کە شێوازێکی زمانیی جیاوازی لەچاو شاعیرانی کلاسیک و شاعیرانی سەردەمی خۆی گرتۆتەبەر و لە کۆشیعری ڕێگادوورەکانی چاوماندا شێوازەکەی ڕەنگیداوەتەوە، لە ڕێگای بەکارهێنانی زمانی شیعری لە ئاستە جیاجیاکانی وشە و ڕستەکاندا دەردەکەوێت. توێژینەوەکە ویستویەتی چۆنیەتیی کارکردن لەمەیدانی ناسینی شێوازی زماندا پێشکەش بکات، لەم ڕوانگەیەوە زمانی شیعریی شاعیر دەناسێنێت.

### ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانج و مەبەستی توێژینەوەکە، دیاریکردنی چۆنیەتیی پێکهاتنی زمانی شیعرییە لە بەرهەمی شاعیردا، بۆ زیاتر شارەزابون و بەرزکردنەوەی ئاستی تێگەیشتن لە بواری شێوازی زمانی و تێکشکاندنی زمانی ئاسایی، لەلای جەلالی میرزا کریم.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp211-220

**میتۆدی توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا سود لە میتۆدی شێوازگەری وەگیراوە، پەیڕەوی ڕێبازی (پەسنی-شیکاری) کراوە، ڕێبازی پەسنی(وەسفی) بۆ ناساندنی شێواز و شێوازناسی بەشێوەیەکی تیۆری و خستنەڕووی لایەنی پراکتیکی بە شیکاریی چەند دەقێکی شیعری جەلالی میرزا کریم .

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە لە دوبەش و ئەنجام و سەرچاوەکان پێکهاتووە. لە بەشی یەکەمدا شێوازی زمانی شیعر و زانستی شێوازناسی بەشێوەیەکی گشتی باسکراوە، لە بەشی دووەمدا باسی شێوازی زمانی شیعریی شاعیر لە ئاستی دەنگ و ئاستی ستونی و ئاسۆیی دوبارەبونەوەی وشە و ڕستەدا و ڕۆنانی ڕستە لە پاشوپێشخستن و لابردنی کەرەستەکانی زماندا و ڕۆنانی ڕستە لەئاستی جێنیشینی و لادانی واتاییدا خراوەتەڕو.

## ١. شێوازی زمانی شیعری

زمان یەکێکە لەو بەخششانەی خودا بە مرۆڤی بەخشیوە، مرۆڤ بە هۆی زمانەوە لە گیانلەبەران جیادەکرێتەوە، پێکهاتنی ئەو زمانەش لە هەردو لایەنی زمان و قسەکردندا بەرجەستە دەبن، زمان ئەو ڕێسا و یاسایانە دەگرێتەوە، قسەپێکەرانی زمانەکە لەسەری ڕێککەوتون و بە شێوەیەکی پراکتیکی لە کاتی ئاخاوتن و نوسیندا بەکاریدەهێنن. ئەو زمانە وەکو ڕەگی دار لە گشت بوارەکانی زانست و زانیاریدا بڵاوبوتەوە و خراوەتە خزمەتی زانستەوە. شێوازیش بە هەمان شێوە پەیوەندیی بە گشت لایەنەکانی ژیانی مرۆڤەوە هەیە، لە هەر زانستێکدا شێوازی جیاواز بەکاردەبرێت. لە ڕوانگەی ئەدەبییەوە شێواز بریتییە: "لە کۆمەڵێک سیفات و تایبەتمەندی، کە لە بەرهەمە جیاوازەکانی ئەدیبێک یان ئەدەبی ناوچەیەک یان سەردەمێکی دیاریکراودا دوبارە ئەبێتەوە، سیفەت و تایبەتیەکە، کە لە بیر و بۆچوونەکانی ئەدیبێکەوە دەردەچێت لە بەرهەمە جیاوازەکاندا ڕەنگ ئەداتەوە لە ڕێگەی زمانەوە گوزارشت لە شێوازەکەی خۆی ئەکات"(کاکی:٢٠٠٨، ٢٣). لەڕێگەی زانستی شێوازەوە دەکرێت لێکۆڵینەوە لە بەرهەمی شاعیرێکدا بکرێت و شێوازی نوسەرەکە، یان شاعیرەکە دیاری بکرێت، یان دەکرێ لە بەرهەمی ئەدەبیی کۆمەڵە شاعیر و ئەدیبێکی، سەر بە ناوچەیەکی دیاریکراو بکرێت، بۆ نمونە: دەتوانین بڵێین شێوازی شیعریی شاعیرانی ساڵانی حەفتاکانی سلێمانی یان شێوازی شیعریی شاعیرانی ساڵانی حەفتاکانی کفری یان هەولێر یان کەرکوک..... هتد، یان لێکۆڵینەوە لە سەردەمێکی دیاریکراو وەکو شێوازی شاعیرانی کلاسیک، یان شاعیرانی ڕۆمانتیک....هتد.

بۆ دەربڕینی شێواز لەناو ئەدەبدا، زمان دەکرێت بە سەنتەری بەکارهێنان، بەڵام بە شێوەی ئەو زمانە نابێت لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بەکاردەهێنرێت. شاعیر بۆ گەیاندنی زانیاری و ئەو بیرەی لە مێشکیدا گەڵاڵە دەبێت، لە ڕێسای ئاسایی ڕێزمانی زمان لادەدات، بەم لادانە شێوازی ئەدەبی دروست دەکات، چۆنیەتیی بیرکردنەوەی شاعیر و دەربڕینی ئەم بیرە لە ڕێگەی زمانەوە بۆ گەیشتنی پەیامەکەی بە خوێنەر، لەبەرئەوەی "بەرهەمی ئەدەبی ڕەنگدانەوەی کەسێتیی نووسەرە وەک ئاوێنەیەک وایە وێنەی نووسەر و ڕوخسارە تایبەتییەکەی تێدا دەبینرێت، بۆیە کاتێک نووسەر بە ڕاستگۆییەوە گوزارشت لە کەسێتیی خۆی دەکات ئەوا وەسفی ئەزموون و ململانێ و میزاج و ڕێگاکانی پەیوەندیکردنی بە ژیانەوە دەکات تا دەگاتە ئەوەی شێوازی ئەدەبی وا بەکاربهێنێت کە پەیوەست بێت بە چۆنیەتیی بیرکردنەوە و وێناکردن و گوزارشکردنەوە، ئەو شێوازەش لە عەقڵ و سۆز و ئەندێشە و خەیاڵی نووسەرەکە پێکهاتووە، واتا خودی خۆیەتی لەبەر ئەوەی مرۆڤەکان لە رووی رەوشت و رەفتار و تەبیعەت و بەهرەی عەقڵی و سۆزی و خەیاڵیەکانیانەوە جیاوازن، بۆیە زۆر جار ئاساییە شێوازەکانیشیان، کە گوزارشتە لە کەسێتییەکانیان، لەیەکتری جیاوازین"(ئەحمەد: ٢٠٠٩، ٤٨).


وەک چۆن شێواز بەپێی ناوچە و سەردەم جیادەکرێتەوە، ئاوهاش بەپێی کەسایەتییەکانیش دەتوانرێ شێواز جیابکرێتەوە، شێوازی یەکێک بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێ. شێوازی تاکەکەسی، لە ڕێگەی بەرهەم و هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکەوە، دەستەبەر دەبێت، شێوازی شیعریی شاعیرێکی وەکو نالی زۆر جیاوازە لە شێوازی شیعریی شاعیرێکی وەک سەباح ڕەنجدەر، کە بارودۆخ و سەردەمەکە جیاواز بووە. دەشێ لە یەک سەردەمیشدا شێوازی شیعریی جیاواز دەربکەوێ. بەپێی تێڕوانین و عەقڵ و سەلیقەی کەسایەتییەکان و ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی تێدا دەژین، کاریگەریی زۆری لەسەر ڕەفتار و چەمکی تێگەیشتن و ئاوێتەکردنی ڕووداوەکان لەگەڵ ئەدەب و دەرکەوتنی شێوازی تایبەت بە شاعیرەکە هەیە. دەربڕینەکانی لە زمانێکی دیاریکراوەوە وەردەگرێت، بەڵام لێرەدا دەربڕینەکان دەبن بە ئەدەبی و لە ڕێزمان و فەرهەنگی ئەو زمانەی،کە زمانەوان لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکات لادەدات، لە واتای ئاسایی وشە و ڕستەکان واتای نوێ و وێنەی نوێیان لێ دروست دەکات. لە ڕێگەی بنیادی زمانەوە بیرۆکەکەی دەردەبڕێت؛ فەرهەنگی شیعری لە فەرهەنگی زمانی جیادەکاتەوە "لە ڕێگەی هۆکارەکانی خۆیەوە دەربڕینێک بەرهەم دێنێت دەشێ یەک واتابێت بە چەند شێوازێک خرابێتە ڕوو، یان یەک ڕستە بێت و بە چەندین شێواز خرابێتە ڕوو، کەواتە ئەدەب ڕێگە خۆش دەکا بۆ دروستکردنی شێوازی لە یەکجیا و شێوازگەریش لە جۆری ئەو شێوازانە دەکۆڵێتەوە، کە لە دوتوێی دەقە ئەدەبییەکاندا زەق دەبێتەوە، بەوەش ئەدەب بنچینەیە و شێوازی بە دوادا هاتووە، ئەگەر ئەدەب نەبێ شێوازیش نابێ ئەگەر شێواز نەبێ شێوازگەریش نابێت." (عبداللە:٢٠١٠، ١٧).

گرنگی و بایەخی شێواز وایکردووە بەشێک لە زمانەوانەکان بە دوای زمانی دەق و شێوازی دەقی ئەدەبی و نهێنی و تایبەتمەندییەکانی زماندا بگەڕێن، وەک لە بۆچونی (یاکۆبسن)دا دەردەکەوێت، کە پێیوایە یەکێک لە ئەرکی شیعری پەیامی زمانییە، چونکە هەر زمانە دەق پێکدەهێنێت، ئەمەشی بە هۆی شیعرییەتەوە ڕونکردەوە. هەروەها (تودۆرۆف)یش باسی ئەو تایبەتمەندییانەی ئەدەبی کردووە، کە زمان بەدەقێک و بەرهەمێکی دەبەخشێت، ئەمەی لە شیعریەتی پەخشاندا خستەڕو، مەبەستیشی لە شیعرییەت دەقی شیعری نییە، بەڵکو خۆی لە پێوەر و ڕەهەندە ئەدەبی و هونەرییەکاندا دەبینێتەوە، کە لە دەقێکدا دەردەکەون (ڕێبوار: ٢٠١٩، ٧٣)، شیعرییەتیش زمانی شیعری لەزمانی ئاسایی جیادەکاتەوە"شاعیر هەوڵ دەدات واتایەکی قووڵ و تایبەت بداتە وشەکانی ناو شیعرەکەی و بە هۆیەوە ئاستی شعرەکەی بەرەو ئاستی باڵا دەبات، چونکە لە دەقی شیعریدا زمان شێوازێکی گرنگی دەربڕینی هونەرییە، ئەم گرنگییەش لە تایبەتمەندیی زمانەوە دێت، وەک ئەوەی زمان مادەیەکی بنەڕەتی دەق پێکدەهێنێت. ئەو کاتەی زمان دەچێتە ناو سەنعەتی دەقەوە ئەو کات دەگۆڕێت و دەبێت بە زمانێکی تر"(مستەفا: ٢٠٠٩، ٨٤)، هاوکات نوسەرێکی تر دەڵێت: گەورەترین خاسیەتی زمانی شیعر ئەوەیە، ئەو زمانە شیعرییە وشەی ناباوی تێدا بەکاربهێنرێت،چونکە بەرزی و شکۆمەندیی تێدا دەبێت، لە سەروی زمانی ڕۆژانەوە دەبێت. مەبەست لە وشەی ناباو، وشەی خوازراو و وشەی درێژکراوە و هەر شتێکی تر لە حاڵەتی ئاسایی بەدەربێت، وەکو بەکارهێنانی لایەنی ڕەوانبێژی لەشیعری کۆندا.

ئەوەی ڕەوانبێژی لە شێواز جیادەکاتەوە، ئەوەیە ڕەوانبێژی بریتییە لە: کۆمەڵێ ڕێنمایی خۆی لە تیۆرەکانی ڕەوانبێژی، ڕونبێژی، جوانکاری و واتاناسیدا دەبینێتەوە، شاعیر بە مەبەستی خوڵقاندنی بەرهەمێکی کاریگەر پەیڕەویان دەکات، بەڵام شێواز لە دوای خوڵقاندنی ئەو بەرهەمە ئەدەبییەوە دەستپێدەکات، لە سیفەت و تایبەتمەندییەکانی ئەو بەرهەمەوە شێواز دەستنیشان دەکرێت. (سالار: ٢٠١٣، ١٠١)، بەڵام ئەرکی شێوازی ئەدەبی تەنیا لەمەدا خۆی نابینێتەوە؛ بەڵکو بە دوای ئەو ڕەگەزانەدا دەگەڕێ، کە کاریگەری لە دەرونی خوێنەردا دروست دەکەن .

### ١-١ شێوازناسی:

هەربابەتێک لێکۆڵینەوەی تێدادەکرێت، پێویستە لەژێر چەتری زانستێکدا دابنرێت. شێوازی زمانی شیعری لە چوارچێوەی ئەدەبدا دەچێتە ژێر چەتری شێوازناسییەوە لە ڕوانگەی ئەو زانستەوە بنەماکانی تیۆری زمان و شیعر هەڵدەهێنجرێت."سەرهەڵدانی شێوازناسی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا بۆ ئەو پێشکەوتنە گەورەیە دەگەڕێتەوە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا بەسەر لێکۆڵینەوەی زمانەوانیدا هات، بەتایبەتی لەدوای شۆڕشە زمانەوانییەکەی فریناند دی سۆسێر ١٨٥٧- ١٩١٣دا دەرکەوت، کە لە دواییدا لەسەر دەستی چارلس بالیی قوتابیی دی سۆسێردا بووە مایەی لەدایکبوونی زانستی شێوازگەری، واتا چارلس باڵی داهێنەری ئەم زاراوەیە و دامەزرێنەری زانستی شێوازە لە زمانەوانیدا. شێوازگەری یان زانستی شێواز چەندین ڕێباز و میتۆدی لێدەبێتەوە، بۆیە دەبینین ئەم زانستە تەنها لە لێکۆڵینەوەی زمانەوانیدا نەمایەوە، بەڵکو دواتر بوو بە بەشێکی گرنگی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی"(ئەحمەد: ٢٠١١، ٥٤). شێوازناسی لە ڕوی زاراوەوە لە دو وشەی لێکدراو پێکهاتووە، شێواز+ ناسی، واتا ناسینی شێواز، کە"زانستێکە شێوازی دەق و بنیاتی دەق و پێکهاتەی ڕوخسار و ناوەڕۆکی شێوازی دەق شیدەکاتەوە، تێگەیشتنێکی فراوانمان لەسەر شێوازی ئەو بەرهەمە پێدەبەخشێ، کە کاری لەسەر دەکات. شێوازناسی دوای بەرجەستەبوونی شێوازی نووسەرێک، یان شێوازی سەردەم و نەتەوەیەک لەبەرهەمێکی ئەدەبیدا دەکەوێتە خۆی و ئاست و جۆریەتی و چۆنیەتی شێوازی بەرهەمەکە دەخاتە ڕوو، بۆیە هەر لە سەرەتاوە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ شانبەشانی داهێنانی ئەدەبی و دەقی شیعری لەناو بۆچوونە فەلسەفی و زمانەوانییەکان و هونەری دواندن و هونەرەکانی ڕەوانبێژی ڕۆڵی خۆی لە بواری لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا گێڕاوە" (مەلازادە: ٢٠١٩، ٢٣)، کەواتە پەیدابونی زانستی شێوازناسی زانستێکی نوێیە، بەڵام لێکۆڵینەوەش بەگوێرەی ئەم زانستە لە بەرهەمی کلاسیکدا ئەنجام دەدرێت. کار و ئەرکی شێوازناسی لای توێژەران جیاوازە و یەکسان نییە، زیاتر گفتوگۆکان لە بواری ئەدەب و زماندا بووە، هەندێک کەس شێوازناسی بە زمانەوە دەبەستنەوە، هەندێکی تر بەئەدەبەوە دەیبەستنەوە، بەڵام ئەمڕۆ گرنگی بە هەردو لایەنی ئەدەب و زمان دەدرێت."شێوازگەری ئەرکی دەستنیشانکردنی ئەو تایبەتمەندییە زمانیانەیان دەکەوێتە ئەستۆ لە سیاقەکانی خۆیانەوە بەرەو ئەرکە ئیستاتیکییەکان وەردەچەرخێن. یاکۆبسن دەڵێت: شێوازگەری لە لایەک گەڕانە بە دوای تایبەتمەندییەکانی گوتاری هونەری لە تەواوی ئاستە گوتارییەکانی دیکە، لە لایەکی تر شێوازگەری لە تەواوی جۆرە هونەرییە مرۆییەکان جیادەبێتەوە" (عبداللە: ٢٠١٠، ١٦) هاوکات شێواز و شێوازگەری دەبن بە بەستەری بەستنەوەی زمان بە ئەدەبەوە.




لە پرۆسەی توێژینەوە لەشێوازی ئەدەبیدا، سود لە زانستی شێوازناسی وەردەگیرێت، لە ڕێگەی سودوەرگرتن لە ئەزمونەکانی ڕێبازی شێوازناسی لە بوار و ئاستەکانی زماندا، کە دەکرێت بە پردێک بۆ پەیوەندیکردن لە ناو ئەدەبدا. لە بەشی دواتری توێژینەوەکەدا ئەو ئاستانە بە شێوەیەکی پراکتیکی لە شیعرەکاندا جێبەجێ دەکەین، کە خۆی لە هەرسێ ئاستی زمانی (دەنگ و وشە و ڕستە)دا دەنوێنێت.
ئاستی دەنگ، مۆسیقای دەرەوە، لەم ئاستەدا لە مۆسیقای دەرەوەی شیعر- کە کێش و سەروا و ڕەدیفە-، مۆسیقای ناوەوە- سەرواداری و ڕەگەزدۆزی و دوبارەبونەوەی دەنگەکان و چۆنیەتیی ڕیزبونی دەنگە بزوێن و نەبزوێنەکانە- دەکۆڵێتەوە. ئاستی وشە، لە ڕێژەی وشەی بێگانە و بەکارهێنانی وشەی کۆن ویستی شاعیر بۆ بەکارهێنانی هەندێ وشە بەشێوەیەکی بەردەوام، لە لای ئەو شاعیرە دەبنە کلیلە وشە، لە دوبارەکردنەوەی هەندێ وشە، ڕەچاوکردنی پەیوەندیی وشەکان لە ئاستی ستونیدا دەکۆڵێتەوە. ئاستی ڕستە، لەم ئاستەدا ئاستی ئاسۆیی ڕستەکان و پەیوەندیی نێوان وشەکان و ڕستەکان بە یەکترییەوە، کورتی و درێژیی ڕستەکان دەخرێنە ژێر توێژینەوەوە.( چالی: ٢٠٠٨، ٤٣) ، هەریەک لەم ئاستانە و هونەرەکانی ئەدەب لە بواری جوانکاریی ڕەوانبێژی و لادانی ڕێزمانی لە ئاستەکان و واتاسازیدا، شێوازی زمانی ئەدەبی دیاریدەکەن.

## ٢. شێوازی زمانی شیعریی (جەلالی میرزا کریم )

هەر شاعیرێک شێوازی تایبەتی خۆی هەیە، دەچێتە قاڵبی شێوازی تاکەکەسییەوە، ئێمەش لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتیی شێوازی بەکارهێنانی زمان لە لای ئەم شاعیرە دەکەین، تیشک دەخەینە سەر ئەو گەمە زمانییانەی، کە شاعیر جەلالی میرزا کەریم پەیڕەوی کردووە. بۆ ئەو مەبەستەش بە لێکۆڵینەوە لە دەقی شیعری لە ئاستی دەنگ و ڕۆنانی وشە و ڕۆنانی ڕستەدا لەڕێگەی ڕونکردنەوەی ئەو بونیادە زمانییەی، زمانی تایبەتی شیعرەکانی لەسەر دامەزراندووە ، شێوازی شاعیر ڕوندەبێتەوە. ئەم ئاستانە گشتیان بە یەکەوە، لەپێناو خوڵقاندنی شێوازێکی تایبەتی لە لایەن شاعیرەوە، کاردەکەن.

### ١-٢ ئاستی دەنگ (مۆسیقای دەرەوە)

#### کێش :

شیعری کلاسیکی کوردی پەیڕەوی کێشی عەروزی دەکرد، شیعری نوێی کوردییش هەتا کۆتایی شەستەکانی سەدەی بیستەمیش هەندێ پاشماوەی عەروزی تێدایە، بەڵام لە ساڵانی حەفتاکانەوە کێشی بڕگە بە تەواوی جێگەی کێشی عەروزی گرتەوە. شاعیر لەبەر ئەوەی یەکێک بووە لەو ڕۆشنبیرانەی ویستی گۆڕانکاری هەبوە و هەوڵی زۆری بۆ داوە، بۆیە ڕوی کردووەتە نوسینی شیعری نوێ و پەیڕەوی لە کێشی (پەنجە) بڕگە

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp211-220

کردووە، کە کێشێکی خۆماڵییە لەگەڵ زمانی کوردیدا گونجاوە. لەناوکێشی بڕگەییدا کێشی بە تێکشکاوی و بە تێکەڵی بەکارهێناوە. بۆئەم مەبەستەش سودی لە تێکشکانی کێشی (٤،٨) بڕگەیی وەرگرتووە، کێشی بڕگەیی بە تێکشکاوی لە شیعرێکیدا دەردەکەوێ دەڵێت:

خۆزگە ٢ بڕگە
ئەتانزانی گیانی پرسیارەکانی زیندەگیم چیبیان پێیە؟ ٤+٢+٥+٣+٢+٢
خۆزگە ٢بڕگە
ئەتانزانی چاوی هۆنراوەکانی بێدەنگیم چیبیان پێیە؟ ٤+٢+٥+٣+٢+٢
شاعیرێکیان ٤بڕگە
تەنیا لەبەر ئەوە خنکان ٤+٤
بە نهێنی لەناو دڵیا ٤+٤
شیعرێکی وت بۆ کوردستان ٤+٤ (کریم: ٢٠٢١، ٩)

بەکارهێنانی کێش بە تێکەڵی لە دەقە شیعرەکەیدا وای کردووە، بە یەک جۆر کێش پابەند نەبێت؛ دوجۆر یان زیاتری تێکەڵکردووە. بە شێوەیەکی گشتی لە کۆشیعرەکانی (ڕێگا دوورەکانی چاومان)دا کێشی (٤) بڕگەیی و (٨) بڕگەیی بووە بە بنەمای سەرەکیی کێشی شیعری. لە شیعرێکیدا لە ساڵی ١٩٧٧ نوسیویەتی دەڵێت:

کاتێک تەمەن.......... دڵ ڕەقانە ٤+٤
سوێ و پەژارەی بێسایەی چڵ ٤+٤
بەرەو ڕێگای بێکۆتای ٤+٤
ئەودیو لاشەی تارمایەکان ٤+٤
جێ ئەهێڵێ ٤

لە شیعرێکی تردا دیسان کێشی هەشت بڕگەیی (٤+٤) بەکارهێناوە دەڵێت:

خەونەکانی شەو ئەڕۆن و ٤+٤
تابلۆی یادیەک جێ ئەهێڵن ٤+٤
بزەکانی ئاڵای شعر ٤+٤
خەم ئەخۆن و ٤
دێڕ......... دێر ورشەی ٤
باخی نامەی دڵ ئەکێڵن ٤+٤

بە هەمان شێوە لە شیعرەکانی (پێشکەشە بەو شۆڕشگێڕانەی هێشتا نەمدیون، ئاوێنەی هیوایەکی سەرهەڵگرتوو، ڕێگا دوورەکانی چاومان، تێگەشتنی یادگارییەکان، دووری، ڕۆژگارە سەرگەردانەکان ...هتد)، لە سەرجەم کۆشیعری ڕێگادوورەکانی چاوماندا، بەشێوەیەکی بەرچاو و بەرێژەیەکی زۆر کێشی( ٨ بڕگەی و (٤+٤) ی بەکارهێناوە، بەتێکشکانی کێشی ٤ بڕگەیی لە شیعرێکدا پێشوتر خستومانەتەڕو، شاعیر ویستویەتی شانبەشانی قۆناغەکەی، کە بەکارهێنانی( کێش ) بەتێکشکاوی باوبووە، بڕوات.

**سەروا:**

لە شیعری کلاسیکیدا شاعیران پابەندی سیستەمی یەکگرتویی سەروا بون و قاڵبە شیعرییەکانیان بەکارهێناوە، بەڵام لە شیعری نوێدا سیستەمی یەکگرتووی سەروا نامێنێت، بەها دەنگییەکان سەروا دروستدەکەن. بەجۆرێکی دیکە لەناو بنیاتی ڕیتمی شیعردا بەرجەستە دەبن، لە ئەنجامی دوبارەبونەوەکانی ناو ڕستەوە چەند بڕگەیەک، یان دەنگێک پیتێک گرێیەک، بە هێزێکی دیاریکراو ڕیتم دروست دەکەن، کە لە شیعری ئەم شاعیرەدا وەک شاعیرێکی نوێخواز لەبریی سەروا، زیاتر گرنگی بە ڕیتمی شیعری دەدات، لەگەڵ ئەوەشدا دەستبەرداری سەروا نەبوە، سەروا لە کۆتایی دێڕەکانیدا دەناسرێتەوە، بۆنمونە لە شیعرێکدا سەروای کۆپلەی بەکارهێناوە، دەڵێت:

وڵاتەکەم...... ئافرەتێکە
مەمکەکانی دوو دەریاچەی پڕ زووخاوە
((منیش هێشتا شیرە خۆرەم))
دایە لە کوێیت؟
دڵدارەکەم سنوورێکە
بست بەبەستی بە تەلبەندی پەشیمانی داچێنراوە (کریم: ٢٠٢١، ١٥)

هەریەک لە وشەکانی (ئافرەتێکە، سنوورێکە، زووخاوە، داچێندراوە) سەروای کۆتایی دێڕە شیعرەکەیان پێکهێناوە. لە نمونەیەکی تری شیعریدا دەڵێت:

بە بیرم دێ کە منداڵ بووم
چرپەیەکی بەبێ باڵ بووم
خەم ئەدی........ بۆی ئەژیام
بزەم ئەدی........ بۆی ئەگریام
ئەوسا پەپوولەی باخێ بووم
نەء........ ئاڵای ڕێگەی ئاخێ بووم (کریم: ٢٠٢١، ٣١)

جووت سەروای بەکارهێناوە لە وشەکانی (منداڵ بووم، بێباڵ بووم ،ئەژیام، ئەگریام ، باخێ بووم ، ئاخێ بووم)، ئەمەش دەریدەخات شاعیر نەیتوانیوە دەستبەرداری سەروا بێت، بەویستی خۆی بێت یان بەبێ ویستی خۆی، پابەندی سەروای کۆتایی دێڕە شیعرەکان بووە.

**٢-٢ ئاوازی ناوەوە (ڕیتم):**

مۆسیقای ناوەوە (ڕیتمی شیعری) لە دوبارەبوونەوە لە ئاستی جیاجیادا دەردەکەوێت:

**١- دوبارەبونەوی دەنگ**

دوبارەبونەوەی دەنگ لەدێڕی شیعریدا ئاوازێکی پەسەند بەشیعر دەدات و ڕیتمی ناوەوەی شیعر پێکدەهێنێت، لەشیعرێکدا دەڵێت:

مێژووی ئێمە
نەبەهارە و نەزستانە
مێژووی ئێمە
نەدوژمنناس و دۆستزانە
نەسەرکەوتن و نووچدانە (کریم: ١٩٢١، ٧٩)

دوبارەبونەوەی دەنگی( نە، وو،س، م) ڕیتمی شیعری دروستکردووە، هەروەها گرێی(مێژووی ئێمە) لەئاستی ستونیدا ئاوازەکەی هەمەڕەنگ کردووە. لەشیعرێکی تردا دەڵێت:

گڕی نەورۆز لەدڵدایە
لەهاواری جەرێنراوی
ناو پەتی سێدارەدایە
لەشان وەشانی ڕەنجدایە (کریم: ٢٠٢١، ٥٦)

بە دوبارەبونەوەی دەنگی( ن، لە، دا، یە، ر، ش) ئاوازی ناوەوەی شیعری، بەبێ زۆرلەخۆکردن سەروای کۆتایی دێڕەکانیشی پێکهێناوە.

**٢- دوبارەبونەوەی وشە لەئاستی ئاسۆییدا**

لە دوبارەبونەوەی وشەکان لە ئاستی ئاسۆیی و ستونیدا، ڕیتمی شیعری دەردەکەوێت و سەروای ناوەوەی شیعرەکە پێکدەهێنن. بۆ ڕونکردنەوەی باسەکە ڕودەکەینەوە

شیعرەکان، لە ڕێگای دوبارەبونەوەی وشەکان لەئاستی ئاسۆییدا ئاوازی ناوەوەی شیعر (ڕیتمی شیعری) دەسازێنێت، دەڵێت:

ڕێ بۆ هەوارگەیەک ئەڕوا
چرکەچرکی سەعاتی بەر باخەڵ ئەخوا
ڕۆژ حەفتە ئەژمێرێ و حەفتە
سەرێ لە مانگ و ساڵ ئەدا
ساڵ لە بەردەم سەدەی بیستا
مل کەچ ئەکا
ڕێ ئەمجارە
بۆ ژانێکە پارە پارە
بۆ بەر ژووانە کورتێکی
نوقمی ژارە (کریم: ٢٠٢١، ٥٧)

دوبارەبونەوەی وشەکان لە ئاستی ئاسۆییدا (چرکە چرکە، حەفتە حەفتە، پارە پارە) ڕیتمی شیعریی دروستکردووە. لەشیعرێکی تردا دەڵێت:

لەبەر ئاوێنەی سەوزەگیاو
کانی ڕوونیا
هێدی هێدی چاوی ئەڕشت (کریم: ٢٠٢١، ٨٩)

دوبارەبوونەوەی (هێدی هێدی) لەئاستی ئاسۆییدا ڕیتمی ناوەوەی شیعرەکەی پێکهێناوە. لەشیعرێکی تردا دەڵێت:

– ئاخۆ ئەبێ
تەمەنێکی تر پاش مردن لەدایک بێ؟
– بەڵێ...... بەڵێ بەڵام ئەبێ:
نەخشەی تینووی باڵندەکان یاخی بێ. (کریم: ٢٠٢١، ١١)

وشەی (بەڵێ) دوجار لەئاستی ئاسۆییدا دوبارەبۆتەوە، ئەگەر زیاتر لەو دێرە شیعرانەی پێشو، ئەوانەشی لەدوایدا دەیانوسین، وردبینەوە، دەکرێت لەیەک شیعردا دوبارەبونەوەکان و شێوازە جیاوازەکانی زمانی شیعری هەڵهێنجین، بەڵام بەپێی ڕیزبەندییەکان وەکو دوبارەبونەوە لەئاستی دەنگ و ئاستی وشە... هەر لایەنێک تەنها تیشک دەخەینە سەر بابەتە زمانییەکان لەشیعرەکاندا .

لەشیعرێکی تردا دەڵێت:

بزەکانی ئاڵای شیعر خەم ئەخۆن و
دێڕ...... دێڕ ورشەی
باخی نامەی دڵ ئەکێڵن (کریم: ٢٠٢١، ١٢)

لەشیعرێکی تردا دەڵێت:

دوورم..... هەرنیگایەک لێرە،
دێڕەکانی ناو دەفتەری منداڵیمان
لەت لەت ئەکا
دوورم...... هەر چرکەیەک لێرە،
یادەکانی سەرکوڵانی هەرزەییمان
پەرت پەرت ئەکا (کریم: ٢٠٢١، ٢٧)

هەروەها لەشیعرێکی تردا دەڵێت:

– ئێوارانێ:
خۆری هیوای بەری چاومان
تک تک.... چک چک وەک زەنگۆڵە
بەناخمانا ...بەباڵمانا، شۆڕبوونەوە
– جا، شەوانێ:
مانگەسنگی،چیغی،ناو سەربانەکانمان
سرک سرک هەروەکو پەپولە
بەتوێی گرە تەنوورێکا هەڵئەزنا (کریم: ٢٠٢١، ٧٨)

لەو چەند شیعرەدا لە ڕێگای دوبارەبونەوە لەوشەکانی (دێڕ دێڕ، لەت لەت، پەرت پەرت، تک تک، چک چک، سرک سرک) ئاستی ئاسۆیی شیعرەکەی کردووە بەهۆکاری دروستبونی ڕیتمی ناوەوەی شیعرەکان.

**٣- دوبارەبونەوەی وشە لەئاستی ستونی**

لەئاستی ستونیدا دوبارەبونەوەی وشەکان، لەم کۆشیعرەی شاعیردا زۆر و بەرچاون بە بەراوررد بە ئاستی ئاسۆیی. بۆ نمونە لەئاستی ستونی، لەشیعرێکدا دەڵێت:

کەدێنەوە........
هەرچی خەمی ئەوێ هەیە
هەرچی تەمی ئەوێ هەیە
هەرچی وێنەی سواڵکەر هەیە
هەرچی پەڵەی
سی ساڵ خوێنی سەنگەر هەیە
هەرچی نمەی
وەرزی ئەشک و گریان هەیە
هەرچی ڕێژنەی
یاخی بوون و هەڵسان هەیە
وەک دیارییەک
بۆ ئەم شیعرە دڵسووتاوە
بهێننەوە (کریم:٢٠٢١، ٦٢)

لێرەدا شاعیر شەش جار وشەی (هەرچی)، دو جار وشەی (ئەوێ)، شەش جار وشەی (هەیە)ی، دوبارە کردووتەوە. لەگەڵ دوبارەکردنەوەی هەر وشەیەکی وەکو (هەرچی و هەیە)یە، زیاتر جەخت لە داواکارییەکانی دەکاتەوە. ئەو وشانەش لە ئاستی ستونیی شیعرەکەدا جێگای خۆیان گرتووە. لە شیعرێکی تریدا کە نوسیویەتی- بۆ گیانی پاکی شێرکۆی برازام و گشت شەهیدانی گەل و نیشتمان- لە ڕێگەی دوبارەبونەوەی وشەی ژمارە (دو) لە ئاستی ستونیدا جەخت لە دابڕان دەکاتەوە. دەڵێت:

دوو باڵای لە یەکتر ئاڵاو
دوو ئاوێنەی یەک ڕووی هەتاو
دوو ئەستێرەی بە ناخی یەکترا کشاو
دوو نیگای عیشق بە ئەلبومی خەونا ڕژاو
ئیتر لەیەکتر دابڕان (کریم: ٢٠٢١، ٩٧)

لە شیعرێکی تردا بەهۆی وشەی پرسی (کام)، لە ئاستی ستونیدا مۆسیقای ناوەوەی شیعرەکەی پێکدەهێنێت، دەڵێت:

کام خۆر گەشە
کام یاد زیندوو
کام باخی ڕووی کچ واڵایە؟

کام ژیلەمۆی کەلەپوری قسەی پێشینان ئالایە؟ (کریم: ٢٠٢١، ١٠)

٤- دوبارەبونەوەی فریز

لە هەندێ لە شیعرەکانیدا بە هۆی دوبارەبونەوەی گرێ (فریز)، لە شوێنە جیاجیاکانی ڕستەدا، بایەخی مۆسیقی دروستکردووە . لە شیعرێکیدا دەڵێت:

ئێمەی بێکەس
ئێمەی هەرەس
ئێمەی پەیامی ڕاکردوو
ئێمەی خەباتی ئاوەژوو
ئێمەی یەخسیر
ئێمەی تەگبیر
نەء........ لێبووردن
ئێمەی درۆ
نەء......... دەست خەڕۆ (کریم: ٢٠٢١، ٧٧)

لە ڕێگەی دوبارەبونەوەی وشەکان بە شێوازی گرێ ڕیتمی شیعریی دروستکردووە. لە(جێناو+ ی ئامرازی خستنە سەر+ وشەیەک) پێکهاتووە. لە شیعرێکی تردا گرێی (هەژدە ساڵە) ڕیتمی ناوەوەی شیعرەکەیە دەڵێت:

هەژدە ساڵە
وێنەی هەڵوێست
چوارچێوەکان ئەشکێنێت و
ئەبێتە ناو
هەژدە ساڵە
نیگای پەیوەست
فرمیسکەڕێ ئەرژێنێت و
ئەبێتە فرمێسکی لافاو (کریم: ٢٠٢١، ٨٧)

٥- دوبارەبونەوەی ڕستە

جگە لە دوبارەبونەوەی وشە و پیت و فریز، دوبارەبونەوەی ڕستەش لە شیعرەکانیدا هەیە. لە شعرێکیدا لەشێوەی دواندندا و بە شێوەی کاری داخوازی داوادەکات و دەڵێت:

مەگری گریانی تۆ لێرە قەدەغەیە،
چونکە هەنسکیش لەم ناوە
هەر بەناو پەناهەندەیە ((ئەگریم.........چونکەپەنجەکانم چلوورەن و
دەرگای گڕی دۆزەخیان پێداناخرێ
هەناسەم....... کرێوەی بەفرە و
ئاگردانی ساردەوەبووی
سووتووی لاشەی یەک گوللەی پێ هەڵناکرێ))
مەگری چاوی تۆ مناڵە..........
((ئەگریم.........چونکە هاواری دڵ
لەناو گەردەلوولی دەریای
باخی خەما....... بۆتە ژاڵە
ئەگریم....... بۆ ئەو هۆنراوانەی لە لای ئێوە بەجێم هێشتن
ئەگریم بۆ ئەو فرمێسکانەی
بۆ تەنیایی خۆم ڕشتن (کریم: ٢٠٢١، ٢٣)

لە ڕێگەی ڕستەی داخوازیی (مەگری) و ڕستەی هەواڵگەیاندنی (ئەگریم)، چەند جارێک لە ناو دێرە شیعرەکاندا دوبارەبونەتەوە مۆسیقای شیعریی پێکهێناوە. شاعیر دەیەوێت جەخت لەسەر مەبەستەکەی و بەرزکردنەوەی بەهای ئیستاتیکیی شیعرەکەی بکاتەوە، هۆکاری گریانەکەشی خستووەتەڕو.

لە شیعرێکی تردا دوبارەبونەوەی ڕستەکانی بە شێوەی پرسیار دارشتووە، دەڵێت:

ئاخۆ......کەی بێ؟
ئەو هەورانەی
لە ناوچاوی بەهاری بەندا قەتیسن
ببنە ڕووباری هەنگوین.......
ئاخۆ کەی بێ؟
ئەو وشانەی لە ناو گەرووی بەهەشتی زامدارا وێڵن
ببنە تفەنگی هەڵچوون و......
کەی بێ ؟
کەی بێ؟
وەرامی ئەم پرسیارانە لە دایک بێ (کریم: ٢٠٢١، ٤٢)

ڕیتمی شیعرەکەی لە ڕێگای ڕستەکانی (ئاخۆکەی بێ، کەی بێ) دروستکردووە، سۆراخی زەمەنێکی کامەرانی و بەختەوەری دەکا. بە هەمان شێوە لە شیعرێکی تردا دوبارەبونەوەی ڕستەکانی بە شێوەی پرسیار دارشتووە، دەڵێت:

چۆن بتوانم؟
زامەکانی خەمی دووریێتی سارێژکەم
ماچی لێوی نەورۆزی گڕ
لە شەپۆلی خوێنا چێژکەم
چۆن بتوانم؟
ڕێگای تەمی هەنگاو بەرەو هەتاو
چۆن بتوانم؟
چرپەی شیعری خۆشەویستی
لە بەردەرگای دڵا دەرخەم (کریم: ٢٠٢١، ٤٤)


لە شیعرێکی تردا بەدوبارەبوونەوەی ڕستەی (تۆم جێهێڵا) ڕیتمی شیعری و مەبەستی شیعرەکەی دەخاتەڕو. دەڵێت:

لە شیعرێکی تردا بەدوبارەبوونەوەی ڕستەی (تۆم جێهێڵا) ڕیتمی شیعری و مەبەستی شیعرەکەی دەخاتەڕو. دەڵێت:

گیانە کاتێ تۆم جێ هێڵا
دارمێوەکان
هێشوو بەرسیلەی فرمێسکیان
زەردنەبوو بوو........
تۆم جێ هێڵا
مەگەر تۆ خۆت جێ نەهێڵا؟
ئاوێنەی رووی
داستانی پەریزادەی دڵت نەشێلا........
تۆم بەجێ هێڵا و گیانە ئەوسا
گوللە بەسەرچەکاگریا (کریم: ٢٠٢١، ٦٣)

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp211-220

لە ڕێگەی دوبارەبونەوە و خستنەڕوی شیعرەکانەوە دەردەکەوێ، شاعیر بە ئارەزوی خۆی و بە شارەزایی لە بەکارهێنانی شاعیرانەی زمان، ڕیتمی تایبەتی پێکهێناوە. دوبارەبونەوەی کەرەستە جیاجیاکانی لە شێوازی زمانی شیعریدا سیاقی واتایی و مۆسیقای دەقەکانی بەهێز کردووە، چێژی زیاتر بە خوێنەر دەبەخشن.




**٣-٢ تۆپۆگرافیای شیعر:**

یەکێک لەو گۆڕانانەی لە شیعری نوێدا دەرکەوت، گۆڕانی شێوازی دابەشبونی وشەکانە بەسەر لاپەڕەدا، کۆت و بەندی دونیوە دێر شیعریان شکاند، دێڕەکان بە یەکسانی دابەش نەبوون، ئەو جۆرە دابەشبونەی دێڕە شیعرەکان تۆپۆگرافیای شیعرەکانی گۆڕیوە، ئەمەش وایکردووە، لە شێوازی زمانی شیعریدا گۆڕانی ڕیتمی شیعرەکەی بە دوادا بێت. "تۆپۆگرافیای شعر جگە لەبایەخە دەنگییەکەی بایەخی واتاییشی هەیە".(ضرغام: ٢٠٠٩، ١٥) بۆنمونە لەشعرێکدا شێوازی دابەشبونی وشەکان بەسەر لاپەڕەدا و بەکارهێنانی نیشانەکانی خاڵبەندی بەشێوەی جیاواز تۆپۆگرافیای شیعرەکەی گۆڕیوە. دەڵێت:

- جۆگەکانی تەمەنی وڵاتی بێزار
بۆ سەر مەزاری داستانێ مل ئەنێن و
لەڕەگەوە............ بەرەو باڵا
وەکو لاولاو لە یەکتری ئەئاڵێن و
ئەبنە سەرچاوەی ڕووباری پەرژینی شار (کریم: ٢٠٢١، ٥١)

لەدو شوێندا بەهۆی ئامرازی (و) لە کۆتایی ڕستەکاندا و نیشانەکانی خاڵبەندی، شێوازێکی جیاوازی بەدابەشبونەکە داوە، لەگەڵ ئەوەشدا لادانی شاعیر لەسیستەمی دونیوە دێڕی شیعری کلاسیک بۆخۆی گۆڕینی تۆپۆگرافیای شیعرە. هەندێک جاریش ئەو دابەشبونە تایبەتەی وشە و پیتەکان، وێنە و شێوەی پیتەکان لەسەر لاپەڕە دروست دەکەن، کە واتای وشەیان لێدەکەوێتەوە وەکو لەشیعرێکی تردا دەردەکەوێت، دەڵێت:

ئاخۆکەی بێ ؟
بێ ئۆقرەیی ئەم ئازارە
(ب س وو ت ێ ) و(ب ب ێ ت ە)
پ ێ ش ڕ ە و . (کریم: ٢٠٢١، ٩١)

وێنەی پیتەکانی زمانی کوردیی بۆ جوانکاریی شیعرەکە و گۆڕینی تۆپۆگرافیای شیعرەکە، لە ئاستی ئاسۆییدا، بەکارهێناوە. بە لێکدانی پیتەکانی ئەو شیعرە، وشەی (بسووتێ) و (ببێتە) (پێشڕەو) دروست دەبێت. هەروەها لە شیعرێکی تردا بەهۆی بەکارهێنانی نیشانەکانی خاڵبەندی تۆپۆگرافیای شیعری گۆڕیوە، دەڵێت:

ئەزانم ڕێی،
ماچی لێوی خۆرهەڵاتی شارەکەم
... ترسناکە .
ئەزانم زێی ،
پەڕینەوە بەرەو لای خۆشەویستەکەم
... زۆر سامناکە .
ئەزانم رووی ،
نشێوەکانی سەرسنگی بەهارەکەم
... بێ گوڵزارە
ئەزانم برووسکەی جوانووی
ناوچاوی کوردستانەکەم
... بریندارە (کریم، ٢٠٢١: ٣٤)

پێش کۆتاییهێنان بە ڕستە، لەسەرەتای دێرەکاندا کۆمەڵێک خاڵی داناوە بەم شێوەیە(....) ، هەر ڕستەیەک لەکۆتاییدا بە نیشانەی خاڵ (.) کۆتایی پێهێناوە، ئەمەش تۆپۆگرافیای شیعرەکەی لە ڕوی دابەشبونەوە بەهۆی خاڵبەندیکردنی شیعرەکەوە جیاواز دەرکەوتووە .

هاوکات لەشیعرێکی تردا تۆپۆگرافیای شیعرەکەی بەشێوەیەکی جیاواز دەردەخات، وشەکانی بەشێوازێکی نایەکسان دابەشبوون، دەڵێت:

کوردستانە خەمگینەکە!
هەورەچڕۆی ڕەهێڵەکە !
دڵنیام هاکا سبەینێ خۆت بشۆری
ڕەشپۆشیت بەئاڵای ڕەنگینت بگۆری
چاوەکانت
پەنجەکانت
ئاودامانت
دڵ، زبانت
بنە پێش بەندی حەیرانی
گەورەو بچووکت بیزانی:

(ئەمشەو دڵم نوقمی ئاخ و حەسرەتی لافاوێکە و نانیشێتەوە. ئاودامانی شۆڕکراوی تەنوورێکە و ناکوژێتەوە. پەنجەکانم سرِی سەهۆڵبەندانێکەو ناتوێتەوە. چاوەکانم کزی ڕێگای ونبووی ناونیشانێکەو نادۆزرێتەوە. ..... کەی گەشتمە لات شەرتبێ سەرم دانەوێنم بۆ ئەو عیشقەی منی ئاوا ئاوارەکرد، بە بەهەشتیش ناتگۆڕمەوە. ...... ئیتر هیواکانم ئەبنە پۆلەمەل و بە ئاسمانی کوردستانی پڕ ئاشتیبا باڵ ئەگرن و هەر هەڵئەفڕن... هەڵئەفڕن و نانیشنەوە. ) (کریم، ٢٠٢١: ٨١)

وشەکانی ( چاوەکانت، پەنجەکانت، ئاودامانت، دڵ ، زبانت ) بەشێوەیەکی جیاواز بە سەر لاپەڕەکەدا دابەشبوون، هەروەها تێکەڵکردنی شیعرێک و پەخشانەشیعرەکە ، کە بە خەیاڵی شاعیر ئازادی و سەربەخۆیی بۆ کوردستان دەستەبەردەبێت، گرێدانی شیعر و پەخشانەشیعرەکە گۆڕانی تۆپۆگرافیای شیعرەکەیە .

**٤-٢ شێوازی زمانی شیعری لە ئاستی ڕۆنانی ڕستەدا**

**١- پاشوپێشخستنی کەرەستەکان**

پاش و پێشخستنی کەرەستەکان، یان لابردنیان لە ئاستی هاونیشینی ڕۆنانی ڕستەدا، دەبن بەهۆی لادان لەیاساکانی زمان. شاعیر زمانی خەڵکی ئاسایی بەکاردەهێنێت، بەڵام

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp211-220

بە شێوازی جیاواز، لەم بارەیەوە ئەرستۆ دەڵێت: ((زمانی شیعری لە زمانی ئاسایی جیایە و شاعیر مافی ئەوەی هەیە زمانێکی تایبەت بەکاربهێنێت لەزمانە ئاسایيە بڵاوەکەی ناو خەڵک دوربێت)) (بدوی: ١٩٧٣، ٦١) . جیاوازیی زمانی شاعیر لە روی رۆنانی رستەوە ئەوەیە، لە رێسای ئاسایی زمان و یاسا سینتاکسییەکان لادەدات، بەمەش لە رێزمانی زمانی ئاخێوەران، لە ئاستی رۆنانی رستەدا، جیاوازدەبێت. پاشوپێشکردنی کەرەستەکان، لادانی رێزمانی دروستدەکەن. لەرستەی ئاسایی زمانی کوردیدا (بکەر+ بەرکار + تەواوکەر+کار) دێت. شاعیر بۆرێکخستنی کێش و ریتمی شیعری و بەمەبەستی ئیستاتیکای شیعری، لەو یاسایەی زمان لادەدات. بۆ زیاتر رونکردنەوەی بابەتەکە نمونەی شیعری باشترین بەڵگەیە، کە لەشیعرێکیدا دەڵێت:

دەیان سێدارە هەڵخرا
بۆ ئەوانەی ئەو شیعرەیان
کردە قەڵغان لەناو شەڕا (کریم: ٢٠٢١، ٩)

بە پێی یاسای رێزمانی کوردی دەبوایە بنووسرایە (بۆ ئەوانەی ئەو شیعرەیان لەناو شەڕا کردە قەڵغان دەیان سێدارە هەڵخرا)

لەشیعرێکی تردا پاشوپێشخستنی کەرەستەکانی رستە دەردەکەوێت، ریزکردنی شاعیر بەم جۆرەیە دەڵێت:

دوورم...........هەر نیگایەک لێرە
دێڕەکانی ناو دەفتەری منداڵیمان
لەت لەت ئەکا
((بۆلای پەریزادەیەکی ترم ئەبا)) (کریم: ٢٠٢١، ٢٧)

بە پێی یاسای رێزمانی دەبێتە (دوورم هەر نیگایەک لێرە بۆ لای پەریزادەیەکی ترم ئەبات، دێڕەکانی ناو دەفتەری منداڵیمان لەت لەت ئەکا)، یان لەشیعرێکی تردا دەڵێت:

ئێستاش کە من وەکو کوردێک.......
باسی مارتن لۆسەر ئەکەم (کریم: ٢٠٢١، ٣٢)

هاوڵکاری کاتی لە سەرەتای رستەکاندا هاتووە، ئامرازی (کە) جێگای رێزمانی خۆی نەگرتووە، ریزکردنەکەی دەبێتە (من وەکو کوردێک ئێستاش کە باسی مارتن لۆسەر ئەکەم)، دیسان لە شیعرێکی تردا (کار)ی رستەکەی هێناوەتە سەرەتای رستەوە، بەپێی یاسای رێزمانی (کار) دەکەوێتە کۆتایی رستەوە، دەڵێت:

ئەزانم رێی
ماچی لێوی خۆرهەڵاتی شارەکەم
ترسناکە (کریم: ٢٠٢١، ٣٤)

کاری (ئەزانم) پێش بکەر و بەرکاری رستەکە کەوتووە، لەرووی رێزمانییەوە بەم شێوەیە (رێی ماچی لێوی خۆرهەڵاتی شارەکەم ترسناکە ئەزانم)

**٢- خستنی کەرەستەکانی زمان**

شاعیر بۆمەبەستی جوانکاری و ئیستاتیکای شیعری و خۆپاراستن لە دوبارەبونەوە، پەنای بردووەتە بەر لابردن و کرتاندنی کەرەسەزمانییەکان، لەرستە شیعریەکانیدا کورتبڕی کردووە. ئەم دیاردەیەش بەپێی سەلیقەی شاعیر و جۆری رستەکە و مەبەستی شاعیر دەگۆڕێت. لەرێگەی بەستنەوەی رستەکانیەوە بەهۆی ئامرازی(و) کەرەستەی لابردووە، لە نمونەیەکی شیعریدا دەڵێت:

دەنگێکم.......لە تابلۆکانی بیکاسۆدا
وێڵ بووم و خۆم ناناسمەوە. (کریم: ٢٠٢١، ١٣)

بۆ خۆرزگارکردن لە درێژەپێدان ئەم کورتبڕییەی کردووە، لە رووی رێزمانییەوە بەم شێوەیە: (دەنگێکم لە تابلۆکانی بیکاسۆدا وێڵ بووم، لەتابلۆکانی بیکاسۆدا خۆم ناناسمەوە) لابردنی کەرەستە لە زمانیشدا دەکرێ و ئاساییە، لەشیعرێکی تردا دەڵێت:

هەن بکوژرێن
هەن تا ماون لە زیندانا شیعر بڵێن
هەن وەک چرا هەڵبگیرسێن (کریم: ٢٠٢١، ١٩)

زۆرجار شاعیر بۆمەبەستی خۆرزگارکردن لەقاڵبی سواو پەنا دەباتە بەرخستنی کەرەستە، لەو شیعرەدا بەلابردنی (بکەر)ی رستەکەی خستنی ئەنجامداوە. لە هەر سێ دێڕەکەدا بە پێی یاسای زمان دەبنە

هەندێ کەس هەن بکوژرێن
هەندێ کەس هەن تا ماون لە زیندانا شیعر بڵێن
هەندێ کەس هەن وەک چرا هەڵبگیرسێن

دیاردەیەکی تر لەزمانی کوردیدا بەکارهێنانی (ە) یە، لەبریی ئامرازی پەیوەندی بە شێوەی کورتکراوە دەردەکەوێت، شاعیر سودی لەو ئەرکەی زمان وەرگرتووە و لە شیعردا بەکارییهێناوە، وەکو خستنی کەرەستە دەردەکەوێت دەڵێت:

ئەچمە کرمان
زرێی ئاسن بۆ هەڵوێستەی شیعرەکانم
بە خوێن ئەکڕم
ئەچمە سابلاخ (کریم: ٢٠٢١، ٢٠)

لەهەردو رستەکەدا ئەرکی(ە) ئەرکی ئامرازی(بۆ)ی بینیوە، (ئەچم بۆ کرمان، ئەچم بۆ سابلاغ)

هەر لە رێگەی ئامرازی (و)، خۆی لە دوبارەبونەوەی رستەکان پاراستووە. لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

گوێ.......گۆرانی
بەر بەرۆچکەی نیوەڕوانی
ماندوبوونی کۆڵانەکان ئەبیستێت و
جێی ناهێڵێ (کریم: ٢٠٢١، ٢١)

بەپێی یاسا دەبو بە (گوێی گۆرانی بەربەرۆچکەی نیوەڕوانی ماندوبوونی کۆڵانەکان ئەبیستێت (گوێ گۆرانی بەر بەرۆچکەی نیوەڕوانی ماندوبوونی کۆڵانەکان جێناهێڵێت

لەو شیعرەدا دیسان دەڵێت:

زێ شەپۆلی وشەکانی
پەڕەی هەور ئەنووسێت و
پردەکانی هیوای درۆ ئەڕووخێنێ. (هەمان لاپەڕەی پێشوو)

لێرەدا وشەی(زێ)ی لەسەرەتای رستەی (پردەکانی هیوای درۆ ئەڕووخێنێ) لابردووە. لە شیعرێکی تردا (کار)ی رستەکەی بەر دیاردەی خستن کەوتووە دەڵێت:

ئەگریم بۆ ئەو دایکی خۆزگەی
بینینەوەی منی لەگەڵ
مەرگی ناکاوی خۆیا برد
نەخێر....... بۆ ئەو نیشتمانەی منی ئاوا دەربەدەر کرد (کریم: ٢٠٢١، ٢٦)

بەوشەی (نەخێر) نەفی گریانی پێشووی دەکات، هۆکاری سەرەکی بۆ نیشتمانە دەگری، بەڵام دەبوایە لە پێش وشەی (نەخێر) کاری رستەکە دوبارە بکاتەوە بەم شێوەیە: (نەخێر ئەگریم بۆ ئەو نیشتمانەی منی ئاوا دەربەدەر کرد)

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp211-220

لەشیعرێکی تردا (من) جێناوی سەربەخۆ بۆ کەسی یەکەمی تاک لە ڕستەکەدا لابراوە، دەڵێت:

من حەزرەتێکی سۆراخی
پەڵە هەوری ناوچاوانی مەرگی شەهاب و جەعفەرم
گولەیەکی پڕ لە ئاخی
کوردستانی پڕ نەشتەرم (کریم: ٢٠٢١، ٤١)

جێناوەکەی لەڕستەی دووەمدا (pro) یە، نادیارە کەچی لە ڕستەی یەکەمدا دەرکەوتووە. ڕیزکردنی ڕستەی دووەمیش بەپێی یاساکە بەم جۆرەیە (من گولەیەکی پڕ لە ئاخی کوردستانی پڕ نەشتەرم)، لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

کاروانەڕێ
هەناسەبڕکێی گڕ ئەگرێ
لە تاوی عیشقی کوردستان
شانازییە، نەگاتە جێ و گەر بشمرێ (کریم: ٢٠٢١، ٥٨)

(کاروانەڕێ) لابراوە، بەپێی ڕێزمانی زمانی کوردی دەڵێین:

کاروانە ڕێ هەناسەبڕکەی گڕ ئەگرێ
کاروانە ڕێ لەتاو عیشقی کوردستانا شانازییە نەگاتە جێ
کاروانە ڕێ شانازییە گەر بشمرێ

لەشیعرێکی تردا (گرێ(فرێز)+کار)ی ڕستەکە بەمەبەستی کەمکردنەوەی دوبارەبونەوەی ڕستەکان لابراون، دەڵێت:

ڕۆژی تازە
لە خاک هەڵهات
لە کوختەی پیاوی چەوساوە
لە تاریکی زیندانی ڕەش
لەو دایکە ڕۆڵە کوژراوە (کریم: ٢٠٢١، ١٠٣)

(ڕۆژی تازە، هەڵهات) خستراون. ڕستەکان لەڕێزماندا بەم شێوەیە ڕیز دەکرێن،

(ڕۆژی تازە لە خاک هەڵهات.
ڕۆژی تازە لە کوختەی پیاوی چەوساوە هەڵهات.
ڕۆژی تازە لە تاریکی زیندانی ڕەش هەڵهات.
ڕۆژی تازە لەو دایکە ڕۆڵە کوژراوە هەڵهات

**٢-٥ شێوازی زمانی شیعری لە ئاستی جێنشینیدا**

لەم ئاستەدا لادانەکان لە واتادا ڕوودەدەن، لادان لەوەی لێکدانی کەرەستەکانی زمان لە ڕوی ڕێزمانی و لە ڕوی واتاوە لەبار نین. لادان لە واتادا ئەوەیە ڕستەکان، یان لە ڕوی ڕێزمانییەوە، یان لە ڕوی (مەنتیقی) دەوروبەرەوە، یان لە ڕوی ڕێزمانی و دەوروبەرەوە ناڕاستن، کە"دەق پشت بە دەوروبەر(سیاق) دەبەستێت"(انکفیست: ٢٠٠١، ١١٣). لە هەرسێ حاڵەتەکەدا لادانی واتایی دروستدەبێت، لادان لەشتی (باو)ی زمانی خواستن دروستدەکات. لەم کۆشیعرانەشدا لادانی ڕێزمانی و واتای زۆری تێدایە؛ لادانی ڕێزمانی لەئاستی ڕۆنانی ڕستەدا دەردەکەوێت. ئێمە لەلاپەڕەکانی پێشودا بەنمونەی شیعری تیشکمان خستۆتەسەری، لێرەدا بە پێویستی نازانین دوبارە نمونەی شیعری بهێنینەوە. لایەنی لادانی واتایی، کە وشەکان بەپێی دەوروبەر ناگونجێن دەخەینەڕوو.

لەشیعرێکدا لادانی واتایی دەوروبەری دروستکردووە، کە وشەکان لە ڕووی لۆژیکەوە ناگونجێن پەیوەندیی واتاییی نێوان وشەکان لەگەڵ یەکتری و دەوبەرەکەیاندا لەناو زماندا پەسەندنەکراون، دەڵێت:

زێ ئەخنکێ و هەتاوی بزە ئەسووتێ
لە کاتێکا، سێدارەکان
ماندوون ئەوەندە هەڵبخرێن
هەناسەی تر
ماون لە ڕێی ماچی خۆرا هەڵبواسرێن (کریم: ٢٠٢١، ١٨)

ڕستەکانی (زێ ئەخنکێ، هەتاوی بزە ئەسووتێ، سێدارەکان ماندوون، ماچی خۆرا هەڵبواسرێن) لە ڕوی واتاییەوە نادروستن. کاری (ئەخنکی) دەدرێتە پاڵ زیندەوەر، بەڵام لێرەدا خواستراوە بۆ(زێ). کاری(ئەسوتێ) دراوەتەپاڵ هەتاوی بزە، کە نابەرجەستەیە لە ڕاستیدا دەدرێتە پاڵ وشەی بەرجەستە. (ماندون) سیفەتی مرۆڤ و زیندەوەرە دراوەتە پاڵ سێدارە، کەنازیندووە. (ماچی خۆر)خواستنی ماچ لە مرۆڤەوە بۆ خۆر واتایەکی نامەنتیقی دروست کردووە. ئەوەی تێبینی دەکرێت لەخوێندنەوەی کۆشیعری (ڕێگا دوورەکانی چاومان)دا پڕاوپڕن لە لادانی واتایی و شێوازێکی باوە لەشیعرەکاندا، بەڕادەیەک لە ناونیشانی شیعرەکانەوە دەستیپێکردووە، تا دوا شیعری سەرڕێژە لە لادانی واتایی، کە شایەنی توێژینەوەیەکی تایبەت و تێروتەسەلە لە بواری(لادانی واتایی لە شیعرەکانی جەلالی میرزا کەریم) دا.

لە شعرێکی تردا دەڵێت:

گیانە دوورم
خەونەکانی دوێنێی گۆپکە
بە درەختی زامەکانی ئەمڕۆم ئەگرن (کریم: ٢٠٢١، ٢٧)

(گۆپکە) بۆ درەخت گونجاوە، کەچی دراوەتە پاڵ خەونەکان. (درەخت)یش دراوەتە پاڵ زام، کە نامەنتیقیی ڕستەکان لادانی واتایی دروستدەکەن.

لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

شاعیرەکان
ئەگەر ڕێچکەی شەهیدانی
کاروانی خەم نەناسن و
لێی ڕابکەن
ئەبێ سەرجەم شعر بەسەر
(تانەی ڕەش)ی بەرچاوی بەهارا هەڵدەن (کریم: ٢٠٢١، ٤٦)

ئاوەڵناوی (خەم) سیفەتێکی مرۆڤە دراوەتە پاڵ کاروان، (تانەی ڕەش) جۆرە نەخۆشییەکە توشی چاوی مرۆڤ دەبێت، بەڵام لێرەدا هەم (چاو) هەم (تانەی ڕەش)یش خوازراوە بۆ وەرزێکی ساڵ، کە بەهارە، بەمەش شێوازی لادانی واتایی دروست بووە.

لە شیعرێکی تردا لێکچواندنی کردووە بە سەردەستەی لادانی واتایی و شێوازی زمانی، کە لادانی واتایی پێکهێناوە، دەڵێت:

من ئەستێرەی کام ئاسمانی
سەر وڵاتی بەشکراوی ئەم زەمینەم
کام بارانی
بەهاری ئەم کوردوستانە ماتەمینەم

(من) چوێنراوە بە (ئەستێرە)و بە(بارانی بەهار) بەمەش لادانی واتایی دروست کردووە.

## ئەنجام:

لەکۆتاییی توێژینەوەکەدا بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەشتین
١- شێواز پەیوەندیی بەگشت لایەنەکانی ژیانی مرۆڤەوە هەیە، هەرکەسێک شێوازی تایبەت بەخۆی هەیە لەڕەفتار و هەڵسوکەوتدا پێی دەناسرێتەوە، لەئەدەبیشدا هەمان پەیڕەوی مرۆڤی هەیە، هەرشاعیرێک لەبەرهەمەکەیدا شێوازی جیاواز پەیڕەو دەکات، جەلالی میرزا کەریمیش شێوازی جیاوازی زمانی پەیڕەوکردووە، بە بەراورد بەشاعیرانی قۆناغەکەی و شاعیرانی پێش خۆی .
٢- لە کۆشیعری ڕێگادورەکانی چاوماندا شێوازی زمانی شیعری جەلالی میرزا کەریم، لەڕووی مۆسیقای شیعرەوە جیاوازە، ئاوازی دەرەوەی شیعرەکانی بەکێشی بڕگەیی و سەروای کۆتاییی دێڕەکانی بە بەکارهێنانی جوتسەروا و سەروای کۆپلە پێکهێناوە، لەمەوە دەردەکەوێت شاعیر نەیتوانیوە دەستبەرداری سەروا ببێت، هەروەها کێشی ٤ بڕگەیی و ٨ بڕگەیی بەشێوەیەکی زۆر و بەرچاو بەکارهێناوە، هاوکات کێشی( ٨،٤) بەتێکشکاوی بەکارهێناوە . ئەمەش لادانە لە بەکارهێنانی کێشی عەروزی عەرەبی.
٣- ڕیتمی شیعریی، کە بە ئاوازی ناوەوەی شیعر دادەنرێت، لەڕێگای دوبارەبونەوەی دەنگ و وشەو فرێز و ڕستەکانەوە پێکهێناوە، هاوکات بەهۆی دابەشبونی نایەکسانی دێڕەکان و تێپەڕینی سیستەمی دونیوە دێڕ تۆپۆگرافیای شیعرەکانیشی گۆڕیوە، لەو دابەشبونەشدا بە ڕێژەیەکی بەرچاو نیشانەکانی خاڵبەندیی بەکارهێناوە.
٤- لەئاستی ڕۆنانی ڕستەدا، پاشوپێشخستنی کەرەستەکان و لابردنی کەرەستە زمانییەکان بەکارهاتووە، لە ئاستی جێنیشینیدا، لادانی واتایی، کە شایەنی توێژینەوەیەکە لەو بوارەدا ئەنجامداوە، شێوازی زمانی شاعیر، وایکردووە بەشێوەیەکی چڕوپڕ لادانی واتایی بەرهەم بهێنێت ، بەهۆی بەکارهێنانی هونەرەکانی جوانکاری یاری بەوشەکانی زمان دەکات. واتای تری بە وشەکان بەخشیوە.

## سەرچاوەکان:


ئەحمەد، پەخشان عەلی (٢٠٠٩)، شێوازی شیعری گۆران، چاپخانەی ڕەنج- سلێمانی.

ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد (٢٠١١)، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، چاپخانەی بینای- سلێمانی

چالی، شەعبان (٢٠٠٨)، شێوازی شیعری جزیری،چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم-هەولێر

عبداللە، ئیدریس (٢٠١٠)، شێوازو شێوازگەری، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر.

کریم،جلالی میرزا (٢٠٢١)، ڕێگا دوورەکانی چاومان، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم-سلێمانی.

کاکی، حەمەنوری عومەر (٢٠٠٨)، شێواز لەشیعری کلاسیکی کوردیدا، بەرگی یەک، چاپخانەی تیشک- سلێمانی.

مستەفا، ئاسۆ عومەر (٢٠٠٩)، بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر،چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی- دهۆک.

مەلازادە، ڕێبوار محمد (٢٠١٩)، شێوازناسی لەئەدەبدا، چاپی یەکەم – هەولێر.

سالار، عبدالسلام (٢٠١٣)، شێواز لەشیعری کوردیدا بەنمونەی شیعری نالی و گۆران،ژمارە٤٣،گۆڤاری زانکۆی سلێمانی.

انکفیست،نیلس أریک (٢٠٠١)، الاسلوبیة اللسانیة، مطبوعات منتوری، قسنطینة.

بدوی، عبدالرحمان (١٩٧٣)، فن الشعر ،أرسطوطالیس، ط٢- بیروت.

ضرغام، عادل (٢٠٠٩)، فی تحلیل النص الشعري.


Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp211-220